


# لە
# چیرۆکە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

**ژمارە ٣٠ـ ١٢ی گەلاوێژ ٢٧١٨**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

کوورش زارع ڕەمشتی
ناسر فەتحی
شەرمین سالحی
کوردستان حاجبی
بیژەن ڕەحمانی
زانا شەریفیان
هیوا بەیرامی
سەدەف فرووغی
هێمن ئەمینی

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەرە ٢٠...

**وێنەی ڕووبەرگ:**

Joana Kruse

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- **چیرۆکی کارگەیی**
- **بە تامی چیرۆک**



- **ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**

**ناسر فەتحی**


**١٢ی گەلاوێژ ٢٧١٨**

**ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم**

## "چاکێک کە بە چۆک داهات

شەوی جێژنی ڕەمەزان بابم هێشتا مریشک و میوەی نەکڕیبوو. دووکان و بازاڕ داخرابوون; شەوێ دوای شێو, بابم منی لەگەڵ خۆی برد و چووینەماڵی تەپلەی مریشک فرۆش! بە پێیان کە دەڕۆیشتین بابم زوو زوو سیغاری دەکێشا. تازە مریشکەکەشمان کە کڕی; دایکم لەبەر ئێشی گورچیلەی نەیتوانی پڵاو و گۆشتی جێژنمان بۆ لێنێ و دای بە خاتوونی خوشکم! خاتوون لەبەر بێ کابانی لە دەرس گەڕابۆوە و سەرەڕای کاری ماڵێ, تەونیشی دەکرد.

مێردی خاتوون پاش شەڕی ئێران و عێراق بەسیجییەکی چالاک بوو کە خاتوون ڕەدووی کەوت. مەزانە چەکدار بوو; بابم پێی خۆش نەبوو مێردی پێ بکا. ئێستاکە مێردی خاتوون مامۆستای زانکۆیە.

سێهەمین ڕۆژی ڕەمەزانە; بۆ بەربانگ شۆرباو باینجانمان هەیە. خوشک و برا چکۆلەکانم داوای بامیە و زڵوبیا دەکەن. سبەینێ دەبێ بچمەوە بۆ کوورەخانە. خاتوون لە ماڵی ئێمەیە. عەسر زوو دەرواتەوە ماڵی خۆیان. دەڵێ; بۆ بەربانگ پڵاو و خۆرشتمان هەیە; دەبێ بچمەوە سالاد و فرنی و شیرمۆزیشیان بۆ سازکەم.

مێردی خاتوون لە جەنگەی شەڕەقورسەکە دا، خۆی شاردبۆوە و نێوی بۆ سەربازمەعەلیم نووسیبوو. کەچی دوای شەڕیش, خۆی بە کەم ئەندام لە قەڵەم دا و ئێستاکە بە دوو سەر مووچە وەردەگرێ.

دایکم دیالیز دەکرێ. بابم بە چۆک داهات و چەکی هەڵگرت.

◆ بیژەن ڕەحمانی



kumara k

**"ـ بۆ نموونە شەڕ کەوتە قۆپی یانی چی؟"**

دوانیوەڕۆیان ئەگە لە مەدرەسە دێمەوە، زڕدایکم دەشێلم تا دەڵێ بەسە.

ئێوارانە ئەگە بابم لەسەر کار دێتەوە، ئەویش دەشێلم تا دەڵێ بەسە.

لەوەتی لە مەدرەسەش زانیویانە لە شێلان چاک دەزانم، بەیانیان لە زنگی تەفریحەکاندا معەلیمی پەروەرشییەکەمان دەشێلم تا زەنگ لێ دەدرێ.

جومعانەش ئەگە دەچم بۆ ماڵی بابەگەورەم، دایەگەورە و بابەگەورەم دەشێلم.

وەختێکی زڕدایکم دەشێلم، دەڵێ: "ئەگە حەیتەکەشت وەک دەستەکانت زلام بوایەن باوکت دەحەساوە!"

ئەگەر بابم دەشێلم، دەڵێ: "ئەگەر دەستیش کەوشیان لەبەر کردبایە، هیچ کەوشێک تای نەدەکرد!"

ئەگە معەلیمی پەروەرشییەکەمان دەشێلم، دەڵێ: "زۆرم پێ خۆشە ڕۆژێکی دەعوەتت بکەم، بتبەمەوە ماڵێ بزانم ئەو دەستانەت چوونەتەوە سەر کوێت وا ئاوا زەلام و خۆشن!"

ئەگە بابەگەورە دەشێلم، دەڵێ: "فەنەرەکەم وەکار کەوتەوە، بڕۆ زوو نەنکیشت بشێلە با مەنەرەکەی ئەویش وەکار کەوێتەوە!"

ئەگە دایەگەورەم دەشێلم، دەڵێ: "ڕۆڵە من شێلانم ناوێ، بڕۆ بەلای دەرسەکانتەوە!"

بابەگەورەم هیچ وەختێک ناهێڵێ شێلانی دایەگەورەم تەواو کەم، دەمنێرێتەوە ماڵی خۆمان بەلای دەرسەکانمەوە.

وایە دەرسم زۆرە، دەبێ بچمەوە ماڵێ چاک بخوێنم، بشکوو ڕۆژێک لە مەنزووی ئەوانەی دەیانشێلم حاڵی بووم؛ دیارە ئەگە لە ماڵێش شەڕی قەرز و کرێ خانووی بابم و زڕدایکم، بە قەولی مامم، نەکەوتبێتە قۆپی!

**◆ ناسر فەتحی**



Hajnalka Farkas

**"خواردنەوە"**

تەمەنم ٧ساڵ بوو. هەموو شەوێ بە دوو کەسان پیلی باوکمیان دەگرت و بە بێ حاڵی دەیانهێناوە ماڵێ. هیندەی پێ نەدەچوو هەڵدەستا تێروپڕی لە دایکم دەدا، منیش دەچوومە سوچی پەنجەرەکەوە و فرمێسکم هەڵدەوەراند و سەیرم دەکردن. تا شل و کوت دەبوو دایکمی دەکوتا. لەبیرمە دوای هەر شەڕێکی دەیانبوو دایکم گیانی شین دەبۆوە و نیشانی منی دەدا، هەر جارێ دەمپرسی دایە باوکم بۆ وادەکە؟ بۆ لێت دەدا؟ دایکیشم هەر جوابێکی هەبوو: ڕۆڵە باوکت زۆری خواردۆتەوە. هەر دەم بۆم پرسیار بوو. چ دەخواتەوە؟ ئاو؟ چا؟ نوشابە یا دۆ؟ گەر ئەوانە دەخواتەوە ئەمەش ئەوانە دەخۆینەوە، ئەی بۆ لەکەس نادەین؟!

شەوێک وەک شەوانی ڕابردوو بە مینگە مینگ و قاقا کێشان خۆی بە ژوورێ داکرد، دەیکوت هههە قومارێکی خۆش بوو، هەموو پوولەکەم بە تاڵان چوو، لەیلا پوولمان تەواو بوو هههههە پیاو بەوەی دەڵێن، سپەینێ بەیانێش دێن بۆ فەرشەکان، ئەوانیشم فرۆشت. دایکم دەستی کرد بە گریان و پاڕانەوە، دەیکوت بەسسە، کاری وا مەکە، دەست هەڵگرە. من و باران هیچمان نییە بیخۆین ئەوە دەمرین لە برسان. لە حاستە خۆی هەستا، گرم لیوانێکی بە دمی دایکم دادا، لێوی پڕ بوو لە خوێن، منیش ترسام و گریام، بابم دەیکوت دەی بەشکم بمرن لە کۆڵم بنەوە.

بەیانێ دایکم دەستی گرتم، چووینەوە ماڵە باپیرم، خاڵم دایکمی بە خوێن و خوڕەوە دیت، زۆر تووڕە بوو، کوتی دەبێ شکایەتی لێکەی. دایکم ڕازی بوو.

نێوەڕۆیە خاڵم بردمێوە قوتابخانەی، ئەوەی مامۆستا دەیکوت بە گوێی ڕاستمدا دەهات و بە گوێی چەپمدا دەچوو دەرێ، هەر بیرم لای دایکم بوو، خوێنی لێویم هەر لە پێش چاو بوو. زەنگی ئاخرێ لێدرا . لەبەر دەرکەی قوتابخانە چاوەڕێ بووم بێن لە دووم. لەناکاو بابم دەستی گرتم کوتی وەرە با بڕۆین، چاوی سوور سوور هەڵگەڕابوو لێی دەترسام، بە ڕاکێش ڕاکێش تا ماڵە هاوڕێکەی بردم، کوتی تا بۆخۆم نەهاتووم مەهێڵە کەس بیبا. بۆگەنیوی ئەو ماڵەی قڕی کردم. تا بەیانێ هەر گریام، سەرم بە هەنیسکانەوە هەڵدەقەند. دایکم دەیگێڕاوە ئەو شەوەی وەک شێتانی لێ هاتبوو، بیریشی بەو ماڵەی نەدەچوو، دەیکوت هەموو وڵاتت لێ گەڕاوم.

بەیانێ باوکم هات لە دووم. بردمێوە قوتابخانەی. زەنگی ئاخر بوو دەترسام دیسان باوکم بێ لە دووم. چووم بە مامۆستاکەم کوت: خانم تەب و لەرزمە، ئەویش لە بارودۆخی ماڵێمانی دەزانی، لەسەر مێزەکەی خۆی ڕایکشاندم دوو کۆتی بەسەرم دادا، وەک مێژۆکەی

دەلەرزیم. وردە وردە گەرم داهاتمەوە، زەنگی ئاخر تەواو بوو. نەمدەوێرا بچمە دەرێ، لە گۆشەی پەنجەرەکەیدا چاوم لە دەرێ کرد بزانم کێ هاتووە لە دووم، دایکم یا باوکم؟

دایکم هاتبوو لە خۆشیان کۆتەکانم لەسەر خۆم لابرد و بەرەوە دایکم هەڵاتم دایکم ماچی کردم، زوو بەغاردان چووینەوە ماڵە باپیرم. لەو ڕۆژەوە هەر بەترس و لەرزەوە دەچوومەوە قوتابخانەی، چوونە ماڵە ئەو کابرای زۆر ناخۆش بوو لێی دەترسام. ساعەتێکی نەگرت باوکم بە زەرب و کوت لە دەرکەی دا، هاواری دەکرد دەیکوت کچ کچی خۆمە، حەقت نییە لەکن خۆتی ڕاگری، لە ترسان هەڵاتمە ژێرخانەکەی لەوێ خۆم شاردەوە، دەگریام و فرمێسکم وەک گۆزەی سەراوژێر دەهاتە خوارێ. باوکم دەیکوت یا دێیەوە یا بارانت لێ دەستێنمەوە، خاڵم دەیکوت ناهێڵم هیچیان ببەی. باوکم هەڕای کردە ژێرخانەکەی، دایکم قیژاندی کوتی نا فەرهاد، دێمەوە، منیش دێمەوە. دایکم لەتاو دووری من قسەی خاڵمی شکاند. چووینەوە ماڵێ دیسان هەمان هەمان نەقڵەکە بوو، کارمان گەیشتبوو ئاستێک کارتۆنمان ڕادەخست. دوای چەند مانگان باوکم دەستی لە منیش هەڵدێناوە، هەموو گیانمی شین و ڕەش دەکردەوە، کاتێک باوکم دەدیت ترس و دڵەڕاوکێ تەواوی گیانمی دادەگرت، شەوانە بە ئێشی دەست و لاقم وەخەبەر دەهاتم.

شەوێک دایکم بڕیاری دا قسەی لەگەڵ بکە بەشکم چاک بێ، چوو ژووری باوکم زۆری نەگرت بە هەڵاتن هاتە دەرێ، ئەوەندەی لێدا لە زمانی خست، منیش دەستیم دەگرت تا چی دیکەی لێی نەدا، پاڵی پێوە نام بە دیواری دادام حەیاتم لێ بڕا، بۆ ماوەیەک هەر سست و بێدەنگ لەسەر عەرزی کەوتبووم.

ئێستا دەزانم باوکم چی دەخواردەوە؟!

• کوردستان حاجبی



davood maeili

## ئاوی تاڵ"

دایکم سەوزی پڵاو زۆر خۆش لێدەنێ، بەڵام بابم حەز لە سەوزی پڵاو ناکات، هەموو جارێ من و ئاریا ئەوەندە دەخۆین کە ناتوانین لە گەڵ یەک یاری بکەین، هەر زوو خەومان لێدەکەوێت؛ ئەو ڕۆژە نازانم تا کوێ توانیمان "تام و جری" تماشا بکەین، لە بەر تەلەفزیۆنەکە دیسان خەریک بوو خەو ئەیبردینەوە، هەموو لەشمان سڕ ببوو، من دڵم هەر لە لای دایکم بوو، دایکم زۆر ماندوو ببوو، لە پەستا عارەقەی نێو چاوانی دەسڕی و بە خێرایی خەریکی خاوێن کردنەوەی ماڵەکە بوو؛ جاڕووی دەکێشا، شیشەکانی دەسڕی؛ مەلافەی تەختەکەی دەگۆڕی... کە بۆنی سەوزی پڵاو هات، دڵم زۆر خۆش بوو، وتم ئیتر لە گەڵ ئاریا یاری دەکەم. دایکم منی حەمام دا دوایی خۆیشی حەمامی کرد. لەو جلانەی لە بەر کردبوو کە بابەم هەموو جارێ شەڕی لە گەڵ دەکرد. دەیوت: حەز ناکەم لای میوانەکان ئەو جلانە بکەیتە بەرت، دایکیشم ئەیقیژاند بە سەریا و دەیوت، دەیوت ... نازانم چی دەوت، بەڵام شتێکی وت، کە ئێستا وەبیرم نایە. دوایی بابەم لێیدا، ژێر چاوانی ڕەش و شین ببوو. دایکم هەر کرێمی لێدەدا ئیتر شین بوونەوەکەی دیار نەمابوو. من و ئاریا دیسان ئەوەندەمان سەوزی پڵاو خوارد، کە هەر لە سەر سفرەکە خەو گرتبوومانی، ئاریا وتی: ئەم ئاوە زۆر تاڵە من بۆم ناخورێتەوە. منیش خواردمەوە، هەر تاڵ بوو. هەموو جارێ دوای سەوزی پڵاوەکە ئاوەکە لە دەممانا تاڵ دەبێ. دایکم دەڵێ: ئەوە هێشتا، تامی سەوزییەکە لە دەمتاندا ماوە بۆیە وا ئەزانن، ئاوەکە تاڵە. ئاریا لە بەر تەلەفزیۆنی ژوورەکەم خەوی لێکەوتبوو، منیش زوو زوو چاوم ئەبەسترا بەڵام دەنگی کارتۆنەکە زۆر بەرز بوو ڕامیئەچڵەکاند؛ بە زۆر هەستام تا لای درگاکە چووم، ئەوەندە خەوم دەهات کە نەمدەتوانی خۆم بە پێوە بگرم. هێشتا جوان خەوم لێ نەکەوتبوو. دایکمم بینی لە ژوورەکەی هاتەدەر و هات بۆ لام؛ ئەو جلانەی داکەندبوو کە بابە حەزی لێی نەبوو، لەو جلانەی کردبووە بەری کە لە ژوورەکەیان لە گەڵ بابەم شەوانە دەیکردە بەری. باوەشی گرتم و هاوردمیەوە بۆ ژوورەکەی خۆم، بۆنی عەترەکەی زۆر خۆش بوو، ئیتر خەوم لێکەوت...کاتێ من و ئاریا هەستاین هەوا تاریک بوو. ئیتر ئاریا لە گەڵ بابی ڕۆشتەوە. بابم دیسان لە گەڵ دایکم شەڕی کرد؛ دایکم بابەمی زۆر خۆش دەوێ؛ هەموو جارێ لە لای منا ماچی دەکات؛ دایکم وتی، وتی...نازانم چی پێ وت، بەڵام شتێکی پێ وت، کە من بیرم نەماوە، بەڵام بابەم پێکەنی. دایکم هەموو جارێ بابەم دەخاتە پێکەنین. ئیمرۆ بابەم دووبارە ترێلییەکەی ڕۆشن کرد و وتی: ئەمجار تا دوو حەفتەیتر نایەمەوە. من بابەم زۆر خۆش ئەوێ!

◆ شەرمین ساڵحی



Marco Boria

## "زەوت کردن"

_دوێکە دایکم لە بیمارستان منداڵی بوو.

_دایکت بووی؟

_ئەرێ،بۆچی؟

_هێ هێ دایکی کوڕی بووە،ئێمە کوڕەکانمان لە باوکمان دەبێت.

_ئەشا ئەو قسە قۆڕە من مامۆژنم منالی بووە هەر ژن منالی دەبێت.

_تۆ ئەزانی یان باوکم،باوکم هەموو جارێ بە ئاکام ئێژێ کوڕی پیاو،بەخوا تۆ لە پیاو بووی نەک ژن هەر وەک خۆمی.

_ئەوە گشتی قسەیە باوکت درۆی داوە.

_باوکی خۆت درۆی داوە،کچ لە دایکەو کوڕیش لە باوک،ئەو ڕۆژە خۆم لە دایکمم پرسی کچی تۆم یان باوکم وتی تۆ کچی خۆمی،ڕۆژێتریان داوای پووڵم لێ کرد میداد سێنم وتی پووڵم نیە بە باوکمم وت وتی ها یەکێ لەو میدادانەی ئاکام ببە دوایی بۆی بێنە.

_ئەی بۆ من باوکم پووڵم پێ دەدام.

_ئەوە گەوجە پووڵی دایکتە لای باوکت،هەموو جارێ دایکم بە باوکم ئێژێ پووڵم لە لاتە،دوای ئەوەش باوکم بە ئاکام دەڵێ دەرست پێ دەخوێنم تا دەبی بە دوکتەر خۆ بە من نالێ من هەر دایکم پێم ئێژێ دەبێ ببی بە ژنی ماڵان.

_ئەوە زەنگە با بچینە کلاس هەڵاکە ئێستا ئاغا لێمان دەپرسێتەوە.

_جا وەڵا دەستم بۆ نەبردە،دوێشەو میوانمان بوو هەر نمتوانی.

_چاوت دەرهات بەشکم ئاغا بتکوژێ،هەڵێ.

◆ زانا شەریفیان



Hajnalka Farkas

## "بابۆڵە"

- ئاکام! لەتێ لە بابۆڵەکەمت بدەمێ؟

- چییە بابۆڵەکەت؟

- پەنیر و شتە

- گوێزی تێدا نییە؟

- نە من حەز لە گوێز ناکەم، زۆر ڕەقە بۆم ناخورێ، دەنا دایکم کوتی با بۆت تێخەم، وتم نا نایهەوێ هەر ئاوا خۆشە.

- بەڵام گوێزیش زۆر خۆشە، من بابەم گۆنییە گوێزی کڕیووە، هەر بە ڕووتی دەیخۆین

- بابەی منیش گوێزی زۆری کڕیووە.

- من بابەم دوێنێ چەن کیلوو هەنگوێنی تەبیعی کڕیووە

- ئێمەیش قەت مورەببا ناخۆین، هەر هەنگوێن دەخۆین. دەڵێی چی بابۆڵەکەمت بۆ لەت کەم؟

- نا ناخۆم، ئێ جا ئەوە چییە من بابم بەیانیانە جگەر و کەبابم بۆ دەکڕێ، دەڵێ مەیبە بۆ قوتابخانە هاوڕێکانت چاوت لێ دەکەن، نەوسیان دێتە ملت، هەر لە ماڵەوە بیخۆ. ئیتر ئەم بەیانیشە سێ چوار شووش جگەرم خوارد، ئیشتیای هیچم نییە

- ئەی بۆ بۆنی دەمت دێ؟ ئەوە نییە ئاغا مودیر کوتی هی ئەوەیە نانی بەیانی ناخۆی؟

- نا بۆنی دەمم هی ددانێکمە کرمۆڵ بووە، ئەوە بابم کوتی سبەی دەتبەم بۆ لای دکتۆری ددان بۆت پڕ کاتەوە

- ئا دەی کوا؟ کام ددانتەیە با چاوی لێکەم بزانم زۆر کرمۆڵ بووە

- ددانی پشتەوەیە تۆ ناتوانی بیبینی

- بابت ئەوە بوو کە...

- کە چی ها؟ بابم چی

- هیچێ کوتم دوێنێ چاوم کەوت بە باوکت لە بەر قوتابخانە

- ها ئەرێ...ئەوە لە سەر ئیش هاتبوو، پاتۆڵەکەی خۆڵاوی ببوو

- ئیشی چییە بابت؟

- لە باڵەخانەیەک ئیش دەکات، ئەوەندەی پارە دەدەنێ، دەڵێ بە زوویی ماشێنیش دەکڕم

- دەی باشە بۆ وا سەیرم دەکەی، نانەکەم بۆ ناخورێت

- دەڵێم باشە، تۆزێک لە بابۆڵەکەتم بدەرێ بزانم پەنیرەکەی تامی چۆنە

- خۆ تۆ کوتت جگەرت خواردووە ئیدی بۆ بابۆڵەکەی من دەخۆی؟ دوای ئەوەیشە من هەموو پەنیرەکەیم خواردووە تەنیا نانەکەی ماوە

- بۆ دایکت پەنیرەکەی تەنیا بە سەر بابۆڵەکەتا ساویوە؟ خۆ هێشتا قەپێکت لێ نەگرتووە

ـ بە تۆ چی، من هەر بەشت نادەم، ئەمجار تۆیش بابۆڵە بۆ خۆت بێنە

ـ باشە لە قنگت بەم، هەر ناخۆم!

ـ کورە لە قنگی بابە سواڵکەرەکەت بەم

ـ بابی من سواڵکەرە خوێڕی؟ ئێستا دەڕۆم بە ئاغای مۆدیر دەڵێم

ـ باشە باش، برا مەڕۆ بابی خۆم سواڵکەرە!

ـ لە نانە وشکییەکەت بدەمێ؟

ـ نا منیش لە بابۆڵەکەی تۆم پێیە ئێستا دەیهێنم پێکەوە بیخۆین

ـ باش.

◆ شەرمین ساڵحی



Philippe Andof

## "دەوڵەت"

چارەکێکی ماوە بگاتە سێ. کاتژمێریش مـانـدوو بـووە و هەڵاژیـاگە. بەڵام دەوڵەتدارەکان هێشتا نەخەوتوون. ترسی لە دەس چوونی دوڵەت گەڕاوەتە گیانیانا و، خەو ئا لەم شەوە ساردو سڕەدا، بێ مانایە.

لـە دەور ئـاگرەکەیـانـا کۆبوونەتەوە و، سـێبەرەکانیان لە دەلاقە ژوورگینەکەو کەوتووتە ژێر کاتژمێرەکەی ناو هاڵەکە .

دەوڵەت... یـادی بەخەیـر! دایەگەورە ئەوکـاتـانەی هەواڵـی لـە نـاوچوونـی دەوڵەتییەکانی ئەبیســت، قەیرێ ڕائەما. جگەرەیکی ساز ئەکرد و دوای هەوەڵ مژ:

" دایکەکەم دەوڵەت ئەگەر چتێـک بـاش بوایا خوەمان وە وردەپامان نائەوت..."!

ڕێک سێی نیوەشەوە. کاتژمێر هە ستاوە ســەر قونەوە، دەوڵەتـدارەکـان نەفتی ئـاگرەکـە ئەکەن و بۆ چەنـد چرکـە، سێبەرەکانیان تەواو هاڵەکە پڕ ئەکا.

دوڵەتدارەکان ئەبێ ئا لەمکاتا ئاگەدارتر بن! مەترسی چاویانی پڕکردووەو، ورەیان دێتە ژوورەکەوە. باس لە نەمانی نەفت ئەکەن. دەنگـزلەکەی ناویان قسـەکانی تێتە ماڵەوە:

" قنگ باوکیەو بۆ ژنی! با شـــەو نەوێ سۆح بیگێم. من دەوڵەتم بۆ ئەو گەرەک".

چەن خولەکێـک لـە شـــەش لایـداوە. ســێبەری دەوڵەتدارەکان ون بووە. ملـ ئەکێشـم. پۆتە شـڕەێک با ئەداتە ناویاو، لـە کـونەکـانـی دەوریەوە خـۆڵەمـێـش ئەپڕژێنێ.

دەوڵەتدارەکـان ئێســـتـە خەوتوون، یـان ڕەنگە ئەو کارەی ئەشیا شەو بیانکردبایێە، ئێستە ئەیکەن...!

چـارەکێـک لـە نۆی بەیـانی لایـداوە. ئێستە کاتژمێر بەمڵا هەڵاژیاوە.

هەواڵـی دزینـی دەوڵەتەکەی مـاڵ کـا حە مە عەلی هە تا چوار ئاوایی ئەوپەڕ تر چووە. ژنەکەی کاحەمەعەلی وتوویە:

" گوێم لێبوو کـە یەکێکیـان ئەیوت بـە هیچ شێوەیک بەم دەوڵەتە ناگەین مەگەر دیوار گەورەکە خشــتخشــت دابچنین. خشتخشت تێئەگەی"؟!

◆ کوورش زارع ڕەمشتی



Aída P. Garnica

## "مریشکە مینا"

زریان هەڵی کردبوو و فێنکیی مەیلەوساردی قەراغ ئاوی دەهێنا و لە سەروچاوی دەدا. پاڵی وە کوورسییەک دابوو و بەرامبەر بە دوو مریشکە مینای باڵغ دانیشتبوو.

هەر مریشکە و لە قەفەسێک دا. کابرای سێحەبیان دەیکۆت پێک هەڵناکەن بۆیە لە دوو قەفەسم کردوون. پێش ئەوەی بێتە ئەو شوێنە عارەقی خواردبۆوە. عارەقەکەشی هەر لێرە کڕیبوو. سەری گەرم داهاتبوو و زریانی قەراغ بەنداو چ سەری سووک نەدەکرد.

قامکی بردە لای قەفەسی مریشکە میناکان. دوو دار بە نێوان قەفەس دا ڕەئاڵ کرابوون و مەودای دوو دارەکە شوێنی فڕینیان بوو. نێو قەفەسەکە جامە ئاوێک، دان و بەردە پێیەک بۆ سڕینەوە دەندووکیان. ئەگەر جارناجارێک کەسێک قامکی بردبایە بەر قەفەسەکە ئامبازی قامکە دەبوون و پڕیان پێدا دەگرت. هەموو جووڵەیان هەر ئەوەندە بوو. باڵغ بوون. سەر باڵغ، دەنووک باڵغ، لاق باڵغ ، دوو باڵی باڵغ. زۆر وشیار بون، تەنانەت ئەو کاتەی بە دەنووک هێرشیان بۆ قامکێک دەبرد ئاگایان لەمە بوو دەنووکیان لە قەفەسەکە نەچتە دەر.

◆ هیوا بەیرامی



Lee Wood

## "تۆپانـــــدن"

- خوا گیان دەی توخوا ئەو خۆرە لابە بە سەرمانۆ، بەخوا ئەگەر ئەمڕۆ دایکم بێڵێ بڕۆم بۆ لای سۆران ئیدی دادەنیشێمە پای دەرسەکانم و حەموو ئەو کتێبە قۆڕانە لە بەر ئەکەم، دەی گیان خۆت لایبە.

سۆران دەیگوت باوکی تۆپی قانوونی بۆ هاوردەتۆ لە تاران لەوانەی کە لە تەلەڤەزیۆنەکەدا هەیە و سپی و سوور و شینە؛نازانم دیوتە یان نا؟

دایکم ناهێڵێ بڕۆم بۆ لای سۆرێ، پێم دەڵێ نەفام باوکی وی موهەندیسە موهەندیس، ئەو دایکە تڕزلەی حەر لە پەنجەی پایەوە تا تەپڵی سەری ئاڵتوونی کردۆ بە خۆیا، حەر بە تایێک لە بازنە و خرخاڵەکەی ماڵە شرۆڵەکەی باوکت دەکڕێ، کەم دەگەڵ ئەو کوڕەیان هات و چوو بکە، ئەوانە نابن بە ڕەفیقی من و تۆ.ئێستێش بەم قرچەی نیوەڕۆیە قەت ناهێڵم بڕۆییە کۆڵان، چا چەن دێزە و ناشرین بوویی؛ قیزم نایێ ماچێکت کەم قۆڕ بە سەر.

ڕاسی خوا گیان خۆ دادە کوبرای ژن کاکە عەبەم لە من ڕەشترە ئەو ڕۆژە خۆم بینیم دایە ماچیشی کردۆ، جا خۆ کاکە عەبەشم ناهێڵێ بڕواتە دەر...

ئۆۆۆۆۆف هێشتا بە ئاسمانەوەیە، ئاااا ئاوەتە ئەوەش سۆران هاتوە بە دواما، ئائەوە بانگی کردم.

- سەلام سۆران گیان باشی ڕۆڵە؟ نەوەڵا نایێتە دەرۆ، خەوتوە.

- دەی دایە گیان کامەتە خەو ئەی من کێم لێرە ڕاوەستاوم! سۆران ئاوە هاتم...

- دەی تۆ بڕۆ جا ئەوسە بزا من چۆن ڕێگەت نادەم لە ماڵۆ.

- دایە گیان هەر سێ دەقە، باشە؟

- خۆزگە بۆ دەرسەکەشت وا بوای کاکە حەمە، باشە بەڵام کە تا پەنجا ژماردم لە ماڵۆ بی.

- ئەی بە قوربانت بم کوڕە بە سەرچاو.

- سۆران تۆپەکەت هانی؟

- خۆ تۆ خەوتبووی! نەخێر. باوکم نەیهێشت گوتی دیتەڤێنن بۆت.

-دەی بۆ هاتی؟

- هاتم بزانم لە مەدرەسە چییان گوتوە بە باوکت؟ ئەمڕۆ خۆم بینیم ئاغای مۆدیر دەگەڵی قسەی دەکرد. ئاوەتە پێم وابێ ئەوە گەڕاوەتەوە، بڕۆ بزا چییان گوتوە؟

-خوایە، خوایە گیان،ئاخۆ بڵێی لە بیری کردبێ؟ خۆزگە حیچیان نەگوتبێ، خۆزگە

سۆران فشەی کردبێ یان ڕەنگە ئەوە باوکەم نەبووبێ ها؟ خوایە خۆ خۆرەکەت لا نەبرد خۆزگە ئەمڕۆ ئیدی وەکوو کەرە ڕەش نەمتۆپێنێ قەولت پێ دەدەم کە هیچی لێم نەکرد دەرسەکانم خوێنم.

◆ **سەدەف فرووغی**



Chantal Van Tuijl

## "حەمام و دەسشوویی"

تەنیا جارێک باوکم بە ڕووتی دیبوو. ئەویش لە بەرۆ نەبوو! دوای ئەوجارە زۆرم هەوڵ دا کە بەشکم بۆ جارێکی تریش بووە بە ڕووتی بیبینمۆ، بەڵام هەر وەخت دوای هاتنە دەرۆی لە حەمام نیوەڕووت ئەهاتە دەرۆ و خۆم مات ئەکرد یا نیوەشەوانە ئەچوو و ئەهاتە دەرۆ لەقەس خۆم ئەکرد بە خەو یا کتوپڕ بە بیانووی شتێک درگای حەمامم ئەکردۆ، وەلێ هیچیان سوودی نەبوو.

تا ڕۆژێکیان ئێوارە لە سەر کار هاتۆ و بانگی کردم: "حەمید؟ هەڵسە بچۆ بۆ ئەو دووکانەی سەر کووچەکە، گەورەکەیان نا، ئەو زۆر گرانجانە، ئەوی تریان، بەسەیەک تێغم بۆ بسەنە. تێغی ئەڵماس." قەت ئەونە ڕۆحسووک نەبووم. دەقەیەکی پێ نەچوو تێغم سەند و چوومە بەر درگاکەی حەمام تا بییەمە دەس باوکم، لە پشت درگاکە وێسابوو و وەختێک زانی هاتوومەتۆ تەنیا دەسی هێنا بەرۆ و وتی: "پێمبە." پێمنەدا. نەمەزانی چیبکەم. دیسان وتی: "حەمید؟! پێمبە دەی!" پاڵم بە درگاکەوۆ نا و هاتم بییەمە دەسی، بۆ تێغەکە لە دەسم نەکەوت! "حەمید؟ ئەوە بۆ وا ئەکەی؟!"

هیچم نەوت. دانەوییۆ تێغەکە لە سەر سرامیکی حەمامەکە هەڵگرێ کە بە حاڵ ودووبەڵا چاوی برسیم بە گونی باوکم کەوت و نەیهێشت تێر بم لە تمیشای بەرزۆ بووۆ و توون درگاکەی پێوەدا. قامکەی پام کەوتە بەر درگاکە. هاواری خۆم وا خورادۆ خۆیشم باوەڕم ناکرد ئەونە پیاوم لێدەرهاتووە کە لە ئێش و دەردا نەمقیژانووە! بە قامک و پای خوێناوی ڕۆیشتمە حەوشە. لە خۆشی ئەوەی چاوم بە گیانی ڕووتی باوکم- ئەویش لە ڕووکاری بەرۆی- کەوتبوو ئێش و نارەحەتی قامکەی زەخمارم هەر لە بیر نەمابوو. لە بەر شێری حەوشەکە قامکمم خستە بەر ئاوەکە و نەمهێشت زۆر خوێن بە پا و دەمپاییەکەم بمێنێتۆ. دایکم نازانم چووبوو بۆ کوێ. خاستر کە نەبوو. خۆم کرد بە ئەمبارییەکە. ناوئەمبارییەکە بەو ئێوارەیەش هەر تاریک‌وتنۆک بوو. گەڕام بۆ کلیلی لامپەکە و ڕۆشنم کرد. چاوم لە پام کرد، قامکەگەورەکەی پام بوو کەوتبووە بەری. بەحاڵ‌ودووبەڵا هێشتا خوێنی لێ ئەڕۆی. لە سەر مێزە شکاوێک دانیشتم. لەشی باوکم کەوتۆ بیر. زۆرم تەحەموڵ نەهێنا. کەژی شەڕواڵڕاحەتی و شۆرتەکەم بەیەکۆ لە وەسەتی هەردووکیان کێشا و تمیشای گونی خۆم کرد. سەرنجم دا. سەرم دانەواندۆ و زۆرتر لی ورد بوومۆ. هی باوکم ڕەشتر و زلتر لە هین من بوو. ئاخر باوکم چەن ساڵ لە من گەورەتر بوو. ئەشێ وایش بووایێ. تازە خەریک بوو چەن تاڵەموو بە هێلکەگون و گیانمۆ دەرئەهات. ئەوەم بە دەس پیا

هێنان بە لەش و گونم زانی. کوڕەکان لە مەدرەسە پێمیان وتبوو بۆ ئەوەی تووکەبەرت زۆرتر بێ چەنجار بە تێغ لیبە ئەونە پڕپوشت ئەبێ هەر نەبێتۆ. بۆ دەموچاویشم هەر بەوجۆرە. دووسێ جار وام کردبوو. باوکم دیبووی قاپی تێغەکەی وا بە کارم هێناوە هەروا لە جێسابوونییەکە بەجێهێشووە هاتبوو بە گژما و پێمی وتبوو: "جارێ زووە بۆ تۆ. با دەموچاویشت کۆڵەوار نەبێ! بە تێغ لی مەیە. زیبکە دەر ئەکەی. " ئەونە زوو درگاکەی پێوەدا و مۆڵەتی نەدا تا بزانم باوکم چەنێک تووکەبەری پێوۆیە. قەیناکە... بۆ ڕاییێکی تر ئەمجارە تمیشای تووکەبەریشی ئەکەم. ئەگەرچی لەشی باوکم زۆر مووی پێوۆ نەبوو. بەڵام ئێحساسم ئەکرد تووکەبەری زۆر بێ. تێغ و شتە بەرگەی ناگرت. هەرچی حەفتەیە بەسەییێکی تەواو ئەکرد. ئەڵبەت سەروقژ و ڕیشیشی پڕپوشت بوو، بەڵام دەس و پا و شتەیم دیبوو زۆر کەمی پێوەبوو. سینە و بەرۆکیشی شتێکی وای پێوە نەبوو. سینەیم نیوەڕۆیانە وەختێک لە کار ئەهاتۆ و بەپەلە لیباسەکانی ئەگۆڕی؛ زۆر خۆش بوو بەوجۆرە ئەمبینی. بە دەورا مووی ڕەش و سپی پێوە دیار بوو. زۆرتر ڕەشیش بوو. تاڵی درێژدرێژ. جێگەجێگەیش لە خوارۆی سکی مووم دیبوو. دایکم لە بەرچاو منا زۆری دەنگ ئەدا کەم بە ڕیکابی و پاتۆڵی کوڵوکوێرۆ لە ماڵا بگەڕێ. بۆچی؟! نازانم! پێموا بۆ ئەوەی ژێرباخەڵ و مووی قاچوقولی دیار نەبێ. ژێرباخەڵیشی جارجار مووی پێوۆ بوو جارجاریش پێوۆی نەبوو. بەڵام نازانم بۆ دایکم خۆشی ناهات لە ڕیکابی کردنە بەری باوکم... جا جارێکیان، تەنیا یەکجار وەختێک دایکم لیباسەکانی ئەشۆرد، داوای تایبەتی لێکردم و وەختێک دامە دەسی مووی ژێرباخەڵی دایکم دی. ئیتر دوابەدوای ئەوە هەر مووم بە ژێرباخەڵ یا شوێنێکی تری دایکم نەدی. پێموا زانیووی دیومە. زۆریش ڕوویدابوو مەمکی دایکم ببینم وەلێ لە بینینی هیچم لێ ناهات. جارجار کە لە حەمام ئەهاتە دەرۆ -بە تایبەت لە بەهار و هاوینا- تاقەتی نەبوو کراس یا ژێرکراسێک بکاتە بەری، ئەیوت لە ناو حەماما بەو گشتە هەڵم و بۆقە ناتوانم خۆم ڕاگرم! ئەبم بە پارچەیەک عارەق. لەو وەختانە وا هەروا ئەهاتە دەرۆ، بێ ئەوەی چاوی تێببڕم زوو خۆم ئەکرد بە ئاشپەزخانە یا جێگەیەکی تر تا دایکم خۆی پۆشتە کاتۆ. قەت دڵم پێوە نەبوو دایکم وا بە ڕووتی ببینم. هیچ کوێیەکی. تەنانەت مەمک و بەرۆک و سکیشی. هیچ کوێیەکی. هیچ کوێ. هیچ!

خۆم جەموجۆر کرد و هاتمۆ ماڵۆ. دایکم هاتبووۆ و هەر لە دوورۆ دەنگەدەنگیانم گوێ لێبوو. لە لای خۆم هەڵمهێنابوو لەبارەی چییۆ قسە ئەکەن. هەروایش بوو. حەمام و

دەشووییەکەمان لە ناو یەک درووس کرابوو. یانی بەیەکۆ بوو. هەر وەخت میوانمان بۆ هاتایێ ئەوقاتی دایکم وا تاڵ ئەبوو، کە هێشتا چەن حەفتەیش دوای گوزەرانی ئەو شتە، سەرودڵی باوکم گیرا بوو و ڕۆژ نەبوو باوکم نەیکا بە قیرەقیڕ و هاوارودا. جا دەنگی باوکیشم دەنگ نەبوو، چوار گەڕەک ئەولاتر ئەیانبیست چی وتووە!

دایکم زووزوو ناوی منی ئەبرد. ئەشێ دیسان لە سەر جیاکردنەوەی جێخەوەکەمان لە یەک، قسەی کردبێتۆ.

تەنیا دیوێکمان بوو ئەویش ببووە دیوی وەسایل و شتی ماڵۆ. ئێسە کە بیری لێ ئەکەمۆ ئەبینم بەز نەبوو خووشک یا برایەکی تریشم نەبوو! لەم حاڵەیا من و دایکم و باوکم جێمان نابێتۆ، ئێسە ئەوانیش بووایێتن چیمان کردایێ!

قامکەی پام بە دەسماڵێک توون بەست کە ئیتر خوێنی لێ نەیێ.

جووتێک گۆروام کردە پام تا نەزانن چیم لێهاتووە. وا سەرقاڵی قسە بوون هەر ئاایان لە منیش نەبوو هاتوومەتە ماڵۆ! شەو زووتر لە ئەوان خەوم لێ کەوت. بێ ئەوەی ئەمشەویش وەک شەوەکانی پێشوو گوێچکەم بە دەنگەدەنگی لە ژێرۆی دایکم و باوکم ئەزێت بێ، تێرتێر خەوتم!

سبح بە تەقە و زرمەوکوتی قوڵەنگ و بێڵاسن خەبەرم بووۆ. باوکم وەساکارێکی ئاشنای خۆی هێنابوو و قەرارە لە ناو حەوشەکە دەشوویی و حامامێک بە جیا درووس بکا. ئەمەم لە سەرسفرە لە دایکم بیست بەرلەوەی لێم بپرسێ: "بەم گەرمایە گۆرواکانت بۆ دانەکانی حەمید؟!" دامکەند و چاوی بە پای خوێناویم کەوت. تا لە ژێر زمانمی نەکێشا دەرۆ کە بۆچی وام لێهاتووە لە کۆڵم نەبووۆ. ئەڵبەت منیش زۆر شتم بۆ نەگێڕاوۆ...

◆ **هێمن ئەمینی**




Ben Gingell

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ًٌ ٌ ًٌ ٌ ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = *]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاھـ ییش ئاوا دەنووسرێ: ئاھـ نەک ئاوا: اە [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "ھ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبوڕە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خالانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرج بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خالانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بە تامرە چیرۆک

• دەڵێن کادرێک و پێشمەرگەیەک چوون بۆ دێیەک و خەڵکیان کۆ کردەوە قسەیان بۆ بکەن. پێش قسەکردن، کادرە بە پێشمەرگەکە دەڵێ ئەمن باسی سیاسەت و هەلومەرجی ئەمڕۆی دنیا و ناوچەکە و کوردستان دەکەم و ئەتۆش بۆ ئەوەی شتێکت گوتبێ، دوای من باسی داربڕین بکە کە شتێکی زۆر خراپە و زیان بە ژینگە دەگەیەنێ و ... .

کادرەکە باسە سیاسییەکە دەکا و پێیدا دەڕوا و یەکجاری باسی داربڕینەکەش دەکا و کۆتایی بە قسەکانی دێنێ! ڕوو لە پێشمەرگەکە دەکا و دەڵێ: ئەتۆش ئەگەر قسەیەکت هەیە فەرموو!

پێشمەرگەکەش دەڵێ: قسەی چی؟! هەر داربڕینەکە بوو، ئەویشت گا!

## • سەدر سەید جەماڵ ـ هەولێر:

ماڵێک دەناسم دوو ـ سێ کوڕ و باوکێکن. لە قسە و تەکبیر و ڕاوێژ، هێندە بە وردە و پوردەن، قیاس و پێوانی گیزەی مێش و خشپەی مار و مێروش دەکەن. مەهاڕات و فەرمەسۆنیان لە تێکەولێکە و لێکدانەوەی شتەکان "ئیبن سیرینی" ڕاڤەکاری خەونان بە سوختە و فەقێش ڕاناگرن. ناخۆشترین تەبیعات و ئەتواریان زۆر ڕەش بینن. هەموو وەختێک پێش بینی قاتوقوڕی و ڕووودانی شەڕی گەورە گەورە و برسیەتی و داباریني غەزەب و تورەی خودا دەکەن. لای ئەوان بە تەقویمی چوار وەرزەیە، دەڵێن: بۆ ئەو ساڵ زستانێ دەبێ تڕی سەرما و حکومەتی ببڕین. نەوتێکی زۆر، خەزن دەکەین. زستان دێ جۆرە

نەوتێک لە هەر سێ ـ چوار ماڵان نییە لە چاوتی بکەی بۆ دەرمانی. زستانێ تەکبیر و خوتەی بۆ بەهارێ دادەنێن، بچنە سەفا و مەڕوای سەیران و گەڕانێ. هەر کە ئاگری نەورۆز هەڵکرا، بە ماڵێ نەکەونەوە هەتا جۆزەردان و گژوگیا وشک دەبێ. هێندە هێندە لۆر و پەنیر و ژاژی و ماستی مەڕەقولەی دەخۆن و لە موجەمیدان هەڵیان دەگرن بۆ ڕەمەزانێ. بەهاریش بە وشکوبرینگی دەگوزەرێ. لە ناو فەسڵی بەهارێ گەرمای بەتین و تاو داغانیان لەبیرە پار و پێرار چ دکر و عەزابێکیان خواردوە، قەرار دەدەن. چی مارکەی فێنک کەرەوەی یابانی و باش هەیە، هەموو ماڵێ بە مرافق و حەمامیش تەئسیس بکەن بە ئورکوندێشن و فێنکەرەوە. مام هاوین بەخشەخش دەگاتە بنهەنگڵیان. دەستەوستان بە کەچە موبەڕیدەیەکی شڕوشەق حاڵیان دەبێتە حاڵی گوناحکاران. ئارەقە دوو ڕێز و سێ ڕێز هەتا قۆڕەی قونیان دەڕوا. ئەوجارە دەیکەنە ڕاستی بۆ فەسلی پاییزێ دەچنە جۆتی و بنەگە و بارگەی دەپێچنەوە و دەچنەوە گوند بە هەموو ئیش و کارەکان ڕادەگەن. دەچنە ڕاوە کەروێشک و کەو و سوێسکە و ڕێوی. فەسلی پاییزێش بەدەردی سێ فەسلەکەی دی دەڕوا. لەمەولا تۆغیانی گەلاوێژ هەڵاتنە. سۆراغ و پێ شوێنی هەڵدەگرن بزانن لە چەندی چەندی ساڵی فیل گەلاوێژ لە کام مەنتیقەی زووتر هەڵدێ.

## • زانست ئابراهیم:

لە ئاواییێک لە لای شار تیکاب، مەلای مزگەوتەکەیان فرە زاڵم و فرەیش زوڵمی لە خەڵک ئاواییەکە ئەکرد.

ڕۆژێ شێخێ لە ناوچەی تیلەکۆ هەڵئەسێتوو ئەچێ بۆ گیان ئەو مامۆسا، ئێژێ یا ژیری ئەکەم یا دەری ئەکەم!

ئەچێتە ماڵ مەلا و پێی ئێژێ بۆچی وا ئەکەیت لەم خەڵکە هەژار و ئاقڵ و بێدەنگە؟

مامۆستا لە جواویا ئێژێ: جارێ کارت نەوێ، بێ با بچین بۆ مزەفت و نوێژەکەمان بخوێنین و منیش بەر نوێژەکە بکەم بۆیان، جا خوەت بۆت دەر ئەکەفێ.

ئەچنە مزگەوت. دوای نوێژەکە مامۆسا ئێژێتە خەڵک: ئادەی گشتتان بزەڕێنن!

گەورە و چکۆلە، پیر و جوان، زانا و نەزان، گشتیان وەک کەر ئەزەڕێنن و هیچیش نایێژن بۆ وا بکەین و زۆر شادمان هەڵئەسن یەکەیەکە دەس مامۆسا ماچ ئەکەن و پلەزیقان ئەچنۆ بۆ ماڵ!

شێخ ئەزانێت کە خەڵکەکە خوەیان کەرن، بۆیە مامۆسایش سوار ملیان بووە. ئیتر وە ڕێگاکەی خوەیا تێتۆ بۆ دێکەی خوەیان کە وابزانم "کانی چەرمووی" لای "ئەحمەوە کەرە"، لە بەین شاری دیواندەرە و سەقزا.

**• محەممەد باڵوڵزادە ـ بانە:**

ئەڵێن کابرایەکی سنەیی ئەچێتە سەبت و ئەحواڵ ناسنامە بۆ کوڕەکەی وەرگرێ، بە مەئمورەکە دەڵێ: قوربان ناوێکم بۆ بنووسە کە لە قورئاندا زۆر دووپات کرابێتەوە. مەئمورەش هەرچی دەکا هیچی بە مێشک ناگا.

موعتادێک لەو کاتە لەوێ دەبێ پێی دەڵێ ناوی لێ بنێ (منوچهر)! کابرا دەڵێ خۆ لە زمانی عەرەبیدا پیتی (چ)مان نییە و

قورئان (منوچهر)ی تێدا نییە!

موعتادەش لە وەڵامدا ئەڵێ: ئاخر کاتێک گەورە بوو پێی دەڵێن ئامەنوو( آمنو )!

*تێبینی: لە سنە زۆر جار لەجیاتی "کاک" دەڵێن (ئا)، زۆربەی کاتیش ناوەکان کورت دەکەنەوە، وکوو ئا محەموو.

**• دیار:**

ڕۆژێک لە ڕۆژان مام ڕێوی چەقەڵ دەبینی کە مریشکێکی گرتووە و زۆر نارەحەت و تووڕەیە.

مام ڕێوی دەڵێ چ قەوماوە بۆ ئاڵۆزی؟

ئەویش دەڵێ: ئەو مریشکەم لەو دێیە گرتووە و هی ئەو پیرێژنەیە. مریشکەکە یەک کیلۆش نابێ کەچی دەڵێ مریشکی یەک مەنیم ڕۆ!

مام ڕێویش دەڵی با وەزنی کەم بزانم چۆنە؟ کە وەری دەگرێ دەیرفێنێ و دەڵێ ئەوا من دەیبەم و پێی بڵی بە دوو مەن لە سەر من بینووسێ!

**• سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Sadiq Dastagir